# ئەگەر سەفەرتان کرد بە نێو خاکێکی سەوزدا؛ بەشی وشترەکان بدەن لە خاکەکە، وئەگەر سەفەرتان کرد بە نێو خاکێکی وشکدا، وایان لێبکەن پەلە بن لە ڕۆیشتندا پێش ئەوەی هێزیان نەمێنێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر سەفەرتان کرد بە نێو خاکێکی سەوزدا؛ بەشی وشترەکان بدەن لە خاکەکە، وئەگەر سەفەرتان کرد بە نێو خاکێکی وشکدا، وایان لێبکەن پەلە بن لە ڕۆیشتندا پێش ئەوەی هێزیان نەمێنێت، وئەگەر لە شوێنێکدا مانەوە لە شەودا؛ لە ڕێگاکان دوور بن چونکە ڕێگای (هاتوچۆی) ئاژەڵانە ومۆڵگەی مێرووەکانە لە شەودا».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە ئاماژەکردنی تێدایە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکان وئاژەڵەکان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی ڕێبوارانی (موسافیرانی) کردووە بەم ئادابانە: ئەگەر مرۆڤ لەسەر پشتی ئاژەڵێک سەفەری کرد وەکو: وشتر وئەسپ وهتد؛ ئەوا دەبێت ڕەچاوی بەرژەوەندی ئاژەڵەکە بکات لە لەوەڕاندنی وڕێکردنیدا، ئەگەر بە شوێنێکدا تێپەڕبوو کە سەوزایی وگیای باشی لێبوو پێویستە پەلە نەکات؛ بۆئەوەی ئاژەڵەکە بە باشی بلەوەڕێت ولە گژوگیاکان بخوات، وئەگەر لە بە شوێنێکدا تێپەڕ بوو کە وشکایی بوو وهیچ سەوزایی ولەوەڕگایەکی تێدا نەبوو؛ ئەوا پێویستە بە گوێرەی توانای ئاژەڵەکە خێرا بڕوات بۆئەوەی ئاژەڵەکە ماندوو نەبێت بەهۆی ئەو شوێنە هیچ لەوەڕگایەکی تێدا نییە. وهەروەها فەرمانی بە ڕێبوار کردووە ئەگەر لە شوێنێک مایەوە لە شەودا بۆئەوەی پشوویەک وەربگرێت وبخەوێت؛ ئەوا نابێت لەسەر ڕێگاکان بمێنێتەوە، چونکە ڕێگای شوێنی هاتوچۆی ئاژەڵەکانە، ولەوەیە تووشی زیانی بکەن، وهەروەها شوێنی مانەوەی مێروو (حەشەراتە) زیانبەخش وژەهراویەکان وئاژەڵە دڕندەکانە، لەم ڕێگایانەدا دێن ودەڕۆن بەهۆی ئاسانی ڕێگاکەوە، ولەو خواردنانە دەخۆن کە دەمێنێتەوە یان دەکەوێت وفڕێدەدرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5961

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee